# نووسین له نێوان نووسەری خواوەند و گەڕان بە دووی ئازادیدا

# دەرچوون لە دەسەڵاتی مانا

هۆشەنگ شێخ محەمەد

نیسانی 2005

**نووسین لەسەر هەندرێن.. نووسین لەسەر شیعر**

**خۆشەویست هەندرێن**

حەزم ئەکرد ئەو نووسینەی لێرەدا ئەنووسرێت بەشێوەیەکی دیکە بوایە، تا تا رادەیەك لە رێی ئەو شیعرانەوە تۆم لە خۆت حاڵیکردبا، رەنگە ئەمەیان دوای ئەم نووسینەش بکرێت، بەڵام ئەگەر وامکردبا ئەوا رەنگە بەشێوەیەك لە شێوەکان منیش شعرەکانم چەوساندبانەوە.. وەك چۆن زۆر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە وا ئەکەن.

قوربان ئەبێت خوێنەران بزانن من و تۆ بەر لەهەر شتێك برادەری یەکین.. برادەر بەو چەمکەی کە هەردووکمان هەمانە و رەنگە لەگەل خەڵکی هەم جودا و هەم تەبا بێت..، دیارە لای نووسەران و رۆشنبیرانی لای خۆشمان کە باس لە برادەرایەتی ئەکرێت زیاتر مەسەلەکە بە بەد گومانییەکی دوور لە ستاتیکا و خوێندنەوە و راڤەکردنی یەکتر بۆ یەکتر و خوێندنەوەی پێکەوە و دارێشتنی هەندێ پرسیار و گومان سەبارەت بە هەموو چەمکەکانی دونیا و هەبوون.. رەنگە ئەم پێشبەرییە بەوە رەت بکرێتەوە کە گوایە نووسینی برادەرەکان لەسەر یەکدی تەنیا بۆ ناوبڵندکردن و هەڵگرتنی یەکدییە لەسەر حسابی حەقیقەت و جوانی و هزر و رۆشنبیری.

لێ من لە روانگەیەکی دیکەی جواد ئەم خوێندنەوەیە ئەکەم و... ناشیکەم..،

قوربان لە لێوردبوونەوەم لەوەی من لەرێی ئەو شیعرانەوە راڤەیەك بۆ ماهییەتی تۆ و رەوشی تۆی دەروونی و هزری و رۆشنبیری بکەم.. کارێك بوو تەماشام کرد ئەکرێت، بەڵام لەو ناوەدا ئەبێت شعرەکان بچەوسێنمەوە..، بۆیە رێڕەوی نووسینەکە بەلایەکی دیکەدا رۆیشت و منیش لەگەڵیا رۆیشتم..

شاعیرانی کورد زۆربەی زۆریان بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا و زۆربەی ناوە دیارەکانی ئەمڕۆی شیعری کوردی، رەنگە زۆربەی زۆریان ئەزانن چ ئەنووسن و چی ئەڵێن و چۆنی ئەڵێن، واتە پرۆسەی نووسین لای ئەوان لەلایەکەوە وەك دەیان کاری دیکە خۆی ئەنوێنێ.. هەروەك وێنە دروست کردن، داروبار چاندن، سەرتاشین، جل لەبەرکردن، پیاسەیەك، سەفەرێك، یان هەر کردارێکی دیکە.. کە رەنگە زۆربەی زۆری کردارەکانیش جوان و داهێنەرانە بن.

لەلایەکی دیکەشەوە، شیعر نووسینەکە ئەبێتەوە کارێك کە تێکەڵ بە ژیانییان ئەبێتەوە و ، ئەبێتەوە پارچەیەك لە ژیاندا، بێ ژیانی ئەوان ئەو نوسینانە نابنە شتێك لەدەرەوەی نووسەر.

ئەگەرچی، بەدەیان جاریش ئەوان بانگەشەی مردنی نووسەر بکەن و هومێد بکەن نووسینەکانییان لەدەرەوەی ئەواندا ببنە شت، بەڵام ئەمە تەنیا فریودانێکی روح بەرزی ئەو نووسەرانەمان نیشان ئەدات، کە لە راستیدا ناتوانن خۆیان لە نووسینەکان ئازاد کەن و نووسینەکانیش لە خۆیان ئازاد بکەن،

زۆربەی زۆریان بەرپرسن لەسەر هەر نوقتەیەك و فارزەیەك و حەرفێك، ئەزانن هەر نوقتە و فاریزە و حەرفێکیشیان مانای چیە..

ئەوان لای خۆیان پرسیارێك نەماوە وەڵامەکەی نەزانن، نهێنییەك نەماوە درکیان پێنەکردبێ، نووسینەکانییان بۆ خۆیان بوونەتە سەفەرێك کە تەواو بووە، گەڕانێك بەدەسکەوتەوە کۆتایی هاتووە. شەڕێك کە شاعیر ئەزانێت تیایدا دۆڕاوە یان بردوویەتییەوە،

رەنگە ئەوەی لای من ،( هەندرێن ) لەزۆربەی نووسەران جیا ئەکاتەوە، ئەو نهێنییە بێت کە خۆشی تا ئێستا لە نووسینەکانی درکی پێنەکردووە، ئەو پرسیارانەن کە خۆیشی وەڵامی بۆیان نیە، بۆیە هەندرێن بە تەمایە لەم نووسینەی مندا.. هەندێك لە سیحری شعرەکان بەتاڵکاتەوە .. هەندێك مانا بدۆزێتەوە..، دواییش دیسان وەك زۆربەی زۆری مرۆڤەکان یەکبگرێتەوە و ببێتەوە بە پارچەیەك لەو گشتییە گەورەیەی هیچ جیاوازییەك و رەنگی جودا و دەنگی تایبەتییان بۆ ناهێڵێتەوە.

* * * * * *

رەنگە ئەم داواکردنەی هەندرێن، کە من شتێکی لەسەر ئەو شعرانە بۆ بنووسم و ئەویش لە رێی ئەو نووسینەوە لە خۆی بگات و ماناکانی بە مرۆڤبوون و بەهەندرێن بوون و ئاوارەبوون و بە پیاوبوون و بە باوك بوون و بە مێرد بوون و بە عاشق بوون و بە بێوەمێردبوون و گەڕانەوە بۆ فەڕاغی زووگرتیاتی و بە نامۆبوونی لەهەندەراندا، رەنگە ئەم داوایەی هەندۆ، زیاتر ئەو ماسۆشییەتە بێت کە ( ئەریك فرۆم ) پێی وایە ( کەسی ماسۆشی بۆ هەڵهاتن لە هەستی تەحەمول نەکراوی دووری و تەنیایی، خۆی دەکاتە بەشێك لە جەستە و بوونی کەسێکی تر.. کەسێك کە رێنومایی ئەکات و ئەیپارێزێت)

لاپەڕە 28 هونەری خۆشەویستی ئەریك فرۆم/ وەرگێڕانی عوسمان حەسەن شاکر. چاپی یەکەم 2000.

هەندرێنیش رەنگە بیەوێت ئەو مانایەی ( من ) بە ( ئەو) ی ئەبەخشم، مانای ئەو کەسە بێت، کە بتوانێت بیپارێزێت و رێنومایی بکات،

ئەو مانایە.. ئەو کەسە، بتوانێت لە تەنیایی و دووریدا رزگاری کات.

یەعنی نووسین لێرەدا نووسین لەسەر هەندرێن، پێویستە ببێتە پردێك لەنێوان هەندرێن ومانای هەندرێندا، و دواییش ئەو مانایە ببێتەوە پردێك لە نێوان دووری و تەنیایی بۆ نزیکبوونەوە و ئاوێتەبوونەوە بە ( گروپ ، کۆمەڵ، نیشتمان، برادەران، ژنان، خێزان، شار) ی هەندرێن.

زیاتر بڵێم، تا ببێتەوە بە بەشێك لەو هەموو شتانە، کە ئێستاکە ئەو لەو شتانە جیابۆتەوە و بەشێك نیە لێیان و ئەو شتانەش بەشێك نین لەو.

ئەمەش سەرچاوەی ترس و راڕایی و نائارامییەکانییەتی و بەردەوام هەست بە هەڕەشە و گوڕەشە ئەکات.

لێرەدا.. من ئەکرێت هەندۆ پێت بڵێم، هەر مانایەك.. بەهەر دێرێك و شعرێك ببەخشم ئەوا رەنگە، زیاتر و زیاتر بەرەو تەنیایی و دووریت ببەم، خەلاسی تۆ لەو دووری و تەنهاییەدا کە لەباوەشی شعرەکاندا نووستوون .. و رەنگە خەون ببینن، خەون بەچی..؟ ئەوەیان نەئەمن و نە ئەتو نایزانین، رەنگە رەخنەگری لەمن زیرەکتر و شاعیری لە تۆ بەئەزموونتر بیزانن، لێ ئەوەی لێرەدا من پێم گرنگە پێتی بڵێم، ئەوەیە پەیوەندی تۆی نووسەر بەو شعرانەوە، پەیوەندییەکی بێ

ئامانج و بێ ماناگەرایانەیە، بەو مانایەی مانایەکی دیاریکراو ومەبەستێکی روونت نیە لەگەڵ ئەو شعرانەوە.. نەمەبەستی ناو پەیداکردن و نەرۆح گەورەبوون،

بۆیە من پێم جوانتر و خۆشترە، پەیوەندییەکە هەر بەو رۆحە بێبەرژەوەندخوازەوە بمێنێتەوە، دوور لەو باوەڕەی کە من شتێکت بۆ بدرکێنم، یان مانایەکت بۆ بدۆزمەوە.

لێگەڕێ ..با شعرەکان خۆیان قسە بکەن و سەما بکەن، بێ ئەوەی کەرێکی وەك من بێت و ئەو گۆڤەندی پرسیارە بێ وەڵام و نهێنییە نەدرکاوانە خراب بکات، لێگەڕێ .. با وەڵامە یەقینییەکانی من ..، نەبنە فیشەکە شێتە و جوانترین دێر وشۆخترین وشە بکوژن.

لە کاتێکدا کە من بە ماسۆشیت ئەخوێنمەوە، رەنگە تۆ لەوپەڕی ئاستی سادیدا بیت، رەنگە کاتێك من بە تەنیات تێئەگەم.. تۆ قەڕەباڵغترین ئادەم و ئافەریدەی ئەم جیهانە بیت، لە کاتێکدا من بە پیاوێکی دوورت ئەبینم.. رەنگە تۆ نزیکترین کائین بیت لە رۆحی کوردستان، ئیدی لێگەڕێ .. بامن نەدوێم و شعرەکان خۆیان راڤەی خۆیان و تۆ و دووری و تەنیایی و وڵات و هزر و فەلسەفە وخواو ئازادی و ژیان بکەن...

* * * * * *

## شیعر و مەبەستگەرایی

قوربان ئەگەر شیعر نووسین لای زۆربەی شاعیران، چالاکی بێت ، چالاکییەکی هزری یان کارێك کە فەلسەفە و مێژوو و هونەر و زانست و شتی دیکەی لە دواوەیە، ئیدی ئەوان شاعیرانێکن خۆیان خاوەندی کارەکانی خۆیانن، سەیر لەوەشدایە هەموویان پڕوپاگەندەی دەقی ئازاد و مردنی نووسەر ئەکەن..!

واتە دەسەڵاتی تەواویان لەسەر شعر و وشەکانییان هەیە و دواییش ئەتوانن بۆ ئێمە باسی خەلاقییەتی هزری خۆیان و ئەو فەلسەفە و بابەتانە بکەن کە شعرەکانی ئەوان هونەرییانە گوزارشتی لێئەکات،

ئەو شاعیرانە بە پێچەوانەی تۆن، ئەوان خۆیان ئازادن .. بەوەی دەسەڵاتی رەهایان لەسەر شعرەکانی خۆیاندا هەیە، لێ شعرەکانییان ئازاد نین،چونکە لەبن دەسەڵاتی رەهای شاعیرەکانی خۆیانن، بەڵام تۆ خۆت ئازادنیت، ئازاد نیت لە دووری.. لەوشە، لە شعر..لە نووسین، لە مانا، لێ شعرەکان خۆیان ئازادن لە تۆ و لە ماناکانت و نهێنییەکانت و پرسیارەکانت و وەڵامەکانت. ئەگەر شیعر نووسین چالاکی هزری بێت لای شاعیران، ئەوە شعر نووسین لای تۆ چالاکی روحێکی سەرگەردان و نامۆ ونائازاد و پڕ لە خەون ونهێنی و گومان و پرسیارە،

شاعیرانی دی ئەتوانن لە شعردا بە فەلسەفە، بە مێژوو، بە سیاسەت ، بە هزر .. بەزۆر شت و بابەتی دیکە بگەن، لێ تۆ بە هیچیان ناگەیت، جوانی و جیاکاری تۆش ئەها لێرەدایە!

شعرەکانی تۆ چالاکییەکن.. بەردەوام بێ مەبەستگەرا.. وەك خەون درێژ ئەبنەوە .. هی شاعیرانی دی، مەبەستگەرایانە لەشوێنێك .. لە مانایەك.. لە باخچەی وەڵامێکی یەقینی، لە ماڵی مێژوویەك..، وێستگەی هزرێك ئەگیرسێنەوە . و نووسینیش لەو حەلەدا وەك چالاکی.. کۆتایی دێت.

کۆتایی دێت و ئەبێتە مانا..، ئەبێتە وەڵام .. ئەبێتە مردن.

* * * * * * *

هەندرێن گیان، تۆش ئەتەوێت وەك زۆربەی شاعیران، شعرەکانت بۆ ئەوە گەشە بکەن و گەورە ببن تا بڵێن هەندرێن شعری چاك و پڕ مانا و فەلسەفەی نووسیوە؟ یان ئەتەوێت شعرەکان لە پێناو خۆیاندا گەشە و نما بکەن؟!

ئەگەر تۆ بتەوێت ، شیعر ئەو مانایە بێت، تۆ بپارێزێت، جا لەهەر چ شتێك بێت .. تەنیایی ، دووری ، غوربەت، ئازار ، لێکدابڕان، و دواییش گەیاندنت بیٚ بە عەشق و خۆشەویستی و جوانی و هەر بابەتێکی دیکە، ئەوە بزانە تۆ خۆت گەشە ئەکەیت.. نەك شیعر، خۆت ئەپەڕییەوە بۆماناکانی خۆت، نەوەك شعر بۆماناکانی شعر خۆی.

شعر لای تۆش ئامرازێکە وەك دەیان شتی دی..؟ کە ئەکرێت بیخەیتە ژێر دەسەڵات و چەپۆکی خۆت..؟ بۆ ئەوەی لە ڕێی شعرەوە شتێك بڵێیت.. مانایەك بدرکێنیت..؟ ئاگادار بە هەر چییەك بکەیت.. شعر ئەچەوسێنییەوە، وەك چۆن زۆربەی شاعیران ئەیکەن.

گەر بتەوێت من لەم شعرانەوە بە تۆ بگەم.. بەرۆحی تۆ بگەم.. ئەوا ئەبێت بێم و بەسەر شیعرەکاندا ببمە سێبەرێکی تۆخ و رەنگیان کاڵ کەمەوە.. تا تەواو بە سێبەری خۆمدا رەنگی خۆمیان بەسەردا زاڵ ئەکەم..، واتە رەنگەکانی ئەوان نەهێڵم و رەنگی سێبەری خۆم لە سەریان پەرش بکەم و ئینجا دەست بکەم بە وەسف وتەفسیری ئەو رەنگە کە هی منە و هی شعرەکان نیە، زانینی مانا.، زاڵبوونە بەسەر شعردا، زاڵبون بەسەر شعرێك لەدەرەوەی مندا نە وجودی ئەمێنیٚ .. نەمانا،

وەك ئەو بەندییەی لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا ئیعتراف ئەکات و نهێنییەکانیئاشکرا ئەکات..

توخوا با دەست لە ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوەی شعر هەڵگرین..،

* * * * * * *

## دەسەڵاتی مانا

کەواتە شیعر ئەبێت بیٚ مانا بێت..؟!

من نەمووتوە شیعر بیٚ مانا بێت ، بەڵکو شیعر ئەبێت ئە مانایە بێت کە لە ئەنجامی منی خوێنەر و دەقەکەدا دروست ئەبێت، واتە ئەو نهێنی و پرسیار و گومانانەی لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی من لەو شیعرەدا دروست ئەبێت .، من نامەوێت بزانم هەندرێن لەو شیعرەدا ئەڵیٚ چی..؟ بەڵکو ئەمەوێت بزانم ئەو شیعرە سەبارەت بە هەندرێن و هۆشەنگ و مرۆڤەکانی دی ئەڵیٚ چی..،

یەعنی ئەو مانایەی لەو پەیوەندییەی لە نێوان من و ئەو شیعرەدا بەرهەم دێت تەواو لە ئەنجامی پەیوەندی راستەوخۆی من و ئەو بێت نەوەك لە ئەنجامی پەیوەندی هەندرێن بەو شیعرەوە و ئینجا بەمنەوە.

مەبەستم ئەوەیە، ئایا ئەو شعرانە ئەتوانن بیٚ شاعیرانیان پرسیار بکەن و گومان بکەن و وەڵامی یەقینی بەرهەم نەهێنن..؟

یان ئەوە لەسەر خوێندنەوەی من رائەوەستێت کا چۆن ئەو ساتە گەشانەی لەو شیعرانەدا شاردراوەن ئەیاندۆزمەوە و ئاشکرایان ئەکەم .. یان بەڕەڵایان ئەکەم..؟

یان نەخێر شیعرەکان خۆیان ئەوە دەست نیشان ئەکەن کا هەڵگری رەوشەنێکن و پێویستییان بە دۆزینەوە هەیە و پەیوەندی بە خوێندنەوەی منەوە نیە..؟ یان نەخێر شیعر ئەگەر ئازاد نەبێت خوێندنەوەکان ناتوانن ئازادی بکەن و رەهەندی دیکەی پیٚ ببەخشن..؟

یەعنی ئێستا لێرەدا ئێمە باسی شیعری ئازاد و نائازاد ئەکەین.. ئەو شیعرانەی هەندێك پێیان ئەڵێن شیعری مردوو و نەمر..، ئەوانەی ئازادن نەمرن و ئەوانەی ئازادیش نین مردارن.

لێ لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بە چیەوە هەیە؟ بە شیعر خۆی وەك ژانرێکی هونەری و ئەدەبی و رۆحی .. یان پەیوەندی بە خوێندنەوە هەیە وەك ژانرێکی دیکەی هونەری و ئەدەبی و هزری..؟

ئایا دەسەڵاتی شیعر و شاعیر چۆن و بەچی دیاریئەکرێن و لێك جیا ئەکرێنەوە..؟ و ئایا دەسەڵاتی خوێندنەوە و رەخنەگر بە چی پۆلین ئەکرێن و ئەوانیش چۆن تێکەل بە ئازادی شیعر و شاعیران ئەبن و کرداری راڤە و خوێندنەوە ئەنجام ئەدەن؟

تێکەڵبوونی هەردوو دنیای روحی شیعر و.. هزری خوێندنەوە، چەند دەسەڵاتێکی بەدەر لەوان بەرهەم ئەهێنێت کە ئەویش دەسەڵاتی روح و هزرە پێکەوە و رەنگە ناوی بنێم دەسەڵاتی ئەدەبی یان دەسەڵاتی شیعرخوێندنەوە. یان دەسەڵاتی راڤەکردن. یان دەسەڵاتی مانا،

مانا بەو مانایەی لە شیعرەوە بێی دەسەڵاتی شاعیر هەلئەقولێن و وەك چۆن لە مۆسیقادا مانا ئەبێتە پارچەیەك ستاتیکا لە شیعریشدا ئاوای لێبێت.

یان هەتا بگاتە لەرینەوەی گەڵا و سێبەری هەر دارێك .. پێکەنینی مندالێك .. نەسیمێك کە خۆی لە رووماندا هەڵئەسوێت.. کازێوەیەك .. رۆژهەڵاتن و رۆژئاوابوونێك..، یان هەر شتێکی دی کە ناتوانین تەفسیریکەین و لە خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان خۆمان و ئەواندا بگەین..یان راڤەیان بکەین ...، یان دەسەڵاتی مانا نایانگاتێ.

کە ناتوانین دیسانیشەوە لە بە مرۆڤبوونی خۆمان و مرۆڤایەتی خۆمان بگەین .. نە لە جوانییەکانی و نە لە سەرسامییەکانی و نە لە دەسەلات و بێ دەسەڵاتییەکەی، نە لە گرێدانی بە دایك و نیشتمان و کۆمەڵ و واقع و باخچەکانی منالی ، و نە بە رێگەکانی رۆژانی خوێندن لە سەرتایی و قۆناغەکانی دیکە و نە پەیوەندیمان بە یەکەم ئاژەڵ کە رەنگە پشیلەیەك بووبێت یان بەرخێك یان بزنێك یان چۆلەکەیەك و کۆترێك و کەڵەشێرێك..

دواترییش خۆشەویسی یەکەم کچ و یەکەم ماچ ویەکەم سەفەر و یەکەم دەرچوون و دواتریش گەورەبوون.

ئیدی ئەوەی من ئەمەوێت لێرەدا تەئکیدی لێبکەمەوە ئەوەیە لەهەر خوێندنەوەیەکدا ئەبێت ئێمە ئاگاداری ئەوەبین کا شیعر چەند ئازادە و شاعیریش چەند بێ دەسەلات. لای ئێمە وا باوە تەنیا لە رۆماندا نووسەر ئەبێت ئازادی خۆی لە دەست دابێت تا دەقی رۆمانێکی باش بنووسێت و پاڵەوان و رووداوەکانی ناوی ئازاد بن..،

ئەم دیتنە بۆ شیعریش و بۆ شێوەکاری و مۆسیقاو سینەماو هەموو هونەرەکانی دیکە رەنگە راست بێت.

بەلأم کێشەکان بەم دیتنەوە خەلاس نابن، تا نووسین لە دەسەڵاتی نووسەر خۆیدا ئازاد نەبێت، تا نەبێتە ئازادی و مومارەسەی ژیانێك لە دەرەوەی نووسەر ، بەدەر لە نووسەر خۆی بسەلمێنێت و بتوانێت بڵێت من هەم.

لەدەرەوەی نووسەری خواوەند .. لەدەرەوەی دەسەڵاتی ماناد‌ا.. بژیت و ئازاد بێت و ملکەچی ئەو خوایە نەبێت کە هەموو گومان و پرسیارەکان ئەکوژێت.

تێبینی ئەم بابەتە پێشەکییەکە بۆ کۆمەڵە شیعری مەگێرانی هەندرێن حەمەدەمین. نووسراوە و لەگەل کتێبەکە بلأوبۆتەوە.